بەڕێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمڕۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .
دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

**ئاسۆ حامدی**

**1-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.**

**ئاسۆ حامدی** : هەمووان دەازنین کە ئەم دادگایە و ڕەوەندەکانییان لە ئەنجامی داواکاری و کاری گەلی کورد بۆ دادگایی تاوانباران دا نەهاتووە، بەلکو دادگایەکە ئەمریکا و غەرب بۆ چاوترساندنی دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەلاتی ناوەند و بانگەشەی دیموکراسی دا ڕێکیانخستووە، تا بەیانی ئەگەر قازانجی دەسەڵاتی ئەمریکا وا بخوازێ ئەوا مەسەلەکان هەردەم بتوانێ بۆ ئەم ئاقارانەدا ببا کە خۆیان دەیانەوێ. دادگای کردنی سەرانی ڕژێمی بەعس لە ئەساس و واقع دا داواکاریەکی گەلانی عێراقە بەڵام گەلانی عێراق لا حول ولا قوەن ، هەرچۆنێ بێ ئێستا ڕابەری فاشیزمی عەرەبی لە قەفەزی زینداندا دوا هەناسەی بۆگەنی هەڵدەمژێ و خودی خۆی باوەڕی وایە کە ئیعدام دەکرێ، لەم گەمە سیاسیەدا گەلی کورد و نمایندەکان دەیانتوانی و دەتوانن زیاتر گونجاوی و پیوەر بەم دادگایە هەلبەستراوەیە بدەن. بۆ ئەوەی میللەتی کورد و سیاسەتەکانی بەسەرکەوتن بگات دەبوا هەرچی زیاتر بەهێزتر و بە دۆکیومێنتر بچوبایە ئەم مەیدانە، هەروەها زیاتر لە ڕاگەیاندنەکانی بەبەرنامەتر کاری بۆ بکردایە.
لەباری دادگایی و هەلوومەرجی دادگایی کردن من کەسێکی پرۆفشیۆنیستی دادگایی نیم، تا ئەمە هەڵبسەنگێنم، بەڵام ئەم جۆرە دادگایانە تازەن لە مەکاتبی دادگایی عێراقیدا. ڕەنگە ئەم جۆرە دادگایانە لە لاهای زۆرتر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و گونجاوتر دەبوو، بەلام چونکە دادگایەکە دادگایەکی ئازاد نیە و گەلی کورد خودی خۆی خاوەنی دادگا و هەلومەرجەکان نین لە بنەماوەو ئەمریکا ئەم بەزمەی سازداوەو بەگوێرەی ئایندەی هەلوێستەکانی مەسارەکەی دەتوانێ بگۆڕێ. لە گەڵ هەموو ئەمانەش خاوەن مەسەلە کە گەلانی عێراقن و تاوانباران لە قەفەسی تاوانباریدان دەکرا ئەمە بگۆڕدرایە و بە گونجاوتر مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە. بەیانی ئەگەر سەدام لەسەر ئەنفالی گەلی کورد ئیعدام بکرێ ئەوا ئەوە سەرکەوتنە بۆ ئەنفال بۆیە دەبێ گەلی کورد لەم مەیدانەدا زۆر زیاتر موکڕ بێت و مەسەلەی دوجێل نابێ کۆتایی بە شانۆگەریەکە بهێنێت ، ئەوکات تەواوی ناسیونالیزمی شۆفینزمی عەرەبی گوڕزێکی کوشندە دەخوا.

2–پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای ژیان لێکەوتووان.

**ئاسۆ حامدی** : پرۆسەی دادگا بە ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان دیاری نەکراوە و ناچێتە ڕێوەش، چ کەسێکی سیاسی ئۆپۆزیسۆن هەیە لە عێراق ڕەزالەتی دەستی ڕژێمی بەعسی فاشی نەکێشتبێ. باس لەچی بکەم تاوانەکانی ( قەسری نهایی، تیرۆری مخالیفان، ئیعدامی زیندانیانی سیاسی بەبێ مەحکەمە، شەڕی چەندین ساڵە دژ بە گەلی کورد و سوتان و تاڵانکردنی گوندەکانیان... یان شەڕەکانی ئێران و گلدانەوەی کوێت، بە تاڵان بردنی سامانی وڵاتی عێراق... بۆ تاوانەکان لە ژماردن دێن...) پرۆسەی کۆکردنەوەو جرکردنەوەی مەسەلەکانی دادگایی کردن دەبوا زۆر زیاتر لەمە بان کە دادگا لەسەرەتا دەستی بەکارکرد چۆن تاوانباران یش زۆر زۆر لەم ژمارەیە زیاترن . ئەسلەن تەنها قوربانیەکانی یەک ماڵە شوعیەک کە ڕابەرەکانیان لە بیریانکدوون، یان ئەم هەموو قوربانیانەی زیندانیانی سیاسی کە هەموو تا دەمێنن ڕەزالەتەکانی زیندان دەچێژن کافی بوو بۆ دادگایی کردنی دارودەستەکانی رژێم، یان ئەگەر تەنها هەر سەیری دەوروبەری هاوڕێ و کەس و کار و ناسیاو خزمەکانی خۆمان بکەین ، تەنها یەک نموونە ماڵی شەهیدان بکرابایە دۆسیەیەک کە تەنها لە ئەنجامی سیاسی بوونیان شەهیدبوون ئەوا پرۆسەی دادگایی زۆر پراکتیکی تر دەچووە ڕێوە، ئەمە جگە لە کیمیاباران و ئەنفال و ئەنفالی بارزانیەکان و سەرکوتی ڕاپەرینەکانی باشوور و باکوور لە ساڵی 1991 و هەزاران قوربانی تر. مەسەلەی زیان لێکەوتنی ماددی چیە بەرامبەر بە دادگایی کردنی دیکتاتۆرێ، بەداخەوە مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت (گاران بە خڕی دەڕۆیی پیرەژن لە گۆلکە سۆرەی دەپرسیەوە)، ئەم مەسەلەی قەرەبووە مەسەلەی خودی جینۆسایدی بۆ خوارەوە دابەزاند، لە دادگادا هەموو کەس هەقی ئەوەی هەیە قەرەبووی زیانەکانی بکرێتەوە، بەڵام میللەتێ بەکاملی لە ژێر هێرش و لەناوبردن دا بوو، بەعس پەیڕەوی سیاسەتێکی زۆر خەتەرناکی پیادە کرد و دەکرد. کەسێ هەیە دژایەتی ڕژێمی کردبێ و زیانی لێ نەکەوتبێ. دەبوا ئەم مەسەلە حاشییەی با و نەبادا لە دادگادا بکرێتە بنێشتە خۆشکە، کەسێ میللەتەکەی ئەنفال بکرێ یان خاوەن شەهیدی 15–20 سەرخێزانە چ تەعویزی دەکاتەوە .

3–ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟

**ئاسۆ حامدی** : شەقامی کوردی کە ئێمەش بەشێکین لێی دەکرێ و دەبێ زۆر کاریگەریمان لە هەموو پرۆسەکانی ژیان و گوزەران و مەسەلەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی..هتد کۆمەڵگای کوردستان هەبێت. دەبێ فشارێکی گەلی بخرێتە سەر ئەم تیم و لایەنانەی کە هاوبەشی و لایەنێکن لە پرۆسەکانی دادگایی، بەداخەوە تا ئێستا کۆمەلانی خەلک لە کوردستان لەم کاریگەریەی جەماوەر لە پرۆسەکان نەگیشتوون یان ئەم فرسەتەیان پێ نەدراوە ، ئەمەش هەر لەوە هاتووە چونکە هەر لەجیاتی ئێمە بڕیار لە چارەنووسمان دراوە. دەستبەکاربوونی میدیاکانی کوردی لە دەرەوەو ناوەوە دەتوانێ ڕەوتی ڕووداوەکان بە لاسەنگی قازانجی گەل دا بشکێنێ، ئەم چاودێریە بەردەوامیەی دادوەرو قازی و شکایەت کەرەکان زۆر گرنگن بۆ تەواوی پرۆسەکان، خۆزگە هەموو شکاتکەرەکان بە مەفهومێکی شموولی و بە هۆشیاریەکی بەرزی نەتەوەیی و چینایەتی دەهاتنە بەردەم دادگاو باسیان لە

ڕەزالەتیەکانی گەل دەکرد و زۆر بە تواناوە تاوانبارانیان رەزیل دەکرد. ڕەنگە ئەم ڕەخنەیە واقعی بێ پێش دادگایی کردن شەقامی کوردی هەنگاوەکانی خۆ ئامادەکردنی بۆ دادگا لەلا ڕۆشەن نەبێ. دەبوا گەلی کورد زۆر شارستانی و بە هێزەوە بچوابا ئەم مەیدانە، بەڵام ئەمەش وەک ئەوە وایە تا هونەرمەندێ لە ژیانە کەس قەدری ناگرێ دوای مرد دەبێتە شای هونەر و گریان و ڕۆڕۆ بۆی دەست پێدەکات..دەبێ ئەم کەلتوورەی کۆمەڵگا بگۆڕێ هەر پاش ڕووداوەکان دەست بەکاردەبین. دەبا شەقامی کوردی دەست بۆ ئایندەکانی پرۆسەکان و دادگایی ببا..

4–بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟

**ئاسۆ حامدی** : گەلی کورد گەلێکە لە نێوان جوگرافیایەکی سیاسی دیاریکراو و ئالۆزدا ژیان بەسەر دەبات، چەسپاندنی تورکیا بۆ جینۆسایدی ئەرمەنیەکانیش بۆ گەلی کورد گرنگە جا چ جای مەسەلەی ئەنفال و کیمیای و هەلەبجە، کە بە جیهانی بوونیان یارمەتی زۆری مەسەلەی نەتەوەیی کورد دەدەن.

ڕەنگە پرسیارەکە ئاوا بێ: ئەنفال و کیمیاباران کە هەوڵێک بوو بۆ جینۆسایدی کورد چۆن دەکرێ گەلی کورد ئەمە بەجیهانی بکاتەوە. دەبێ گەلی کورد کار بۆ ئەمە بکات، لەم نێوەدا دەستخۆشانە ڕێکخراوی چاک هەر خەریکە.

بەجیهانی بوونەوەی ئەمانە دژی گەلی کورد تەواوی قولە دیکتاتۆرەکانی تریش لە ناوچەکە ناتوانن دەست بۆ کاری لەم جەشنە بەرن.

لە دونیای دارستان و دەریا دا بەهێز بێ هێز دەخوا، ئەوەی لە ڕۆژهەلاتی ناوەند لە پۆلتیکی زاڵ دا رایجە ئەمەیە.

چونکە کەمایەتی نابێ دەنگت هەبێ، حزبت هەبێ، بارەگات هەبێ. تەنانەت ئەمە بۆ خودی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیش دەرسێکە. کوشتن و بڕین و سەرکوت کۆتایی بە گەل یان بیروباوەڕ ناهێنێ بەلکو بە هیزی دەکا.

بە جیهانی بوونەوەی کۆکوژی گەلی کورد بە نموونە ئەسەد و ئەحمەدی نەژاد دژی کوردو بلوژ دەبێ بیری تر بکەنەوە، چۆن دەبێ رەجەب تەیب ئەردۆغان لە بیری ئەرمەن و کورد دابێ، ئەمە جگە لە کێشەی قوبرس. سەرەڕای ئەمەش دەبێتە دەرسێکی تر لە دەرسەکانی مێژوو بۆ تەواوی دونیا.

پێم خۆش بوو دەنگەکان زیاتر لە پرۆسەکانی ئایندەشی ببپرسیبا ئەی ئێستا کار چیە و چۆن دەکرێ لاسەنگی هێز بۆ لای خاوەن هەق بێتەوە کە گەلانی عێراقن تا تەواوی کەیسەکان و تاوانبارانیش هەرچی زووتر ڕوو بە ڕووی دادگا بکرێنەوەو سزای ڕەوای خۆیان وەربگرن.ئەمە بە مانای شمولی یانی تەواوی دووریەکانی ناوەخۆ و دەرەوەی عەمەلیاتی ئەنفال. ئەمە جگە لەم هەموو تاوانانەی دژ بە گەلی کورد کراوە لە ناوەخۆ و دەرەوەیدا.. تا بەرەو قووڵایی مەسەلەکان بچینەوە لە ووردەکاریەکاریەکانیان دەگەین و غەمێکی قووڵیش یەخەی خەمخۆرانی گەل دەگرێ. لەم نێوەشدا هەندێ لە تاکەکانی ناسیونالیزمی کورد لاپەڕەیەکی ڕەشیان هەیە .